# داواکارەکانی پاراستنی نێودەوڵەتی

**بەشی پوختە**

له بەنکی ئیرلەندا، ئێمە شانازی بە خۆمان دەکەین کە خۆشبژێویی هەموو مشتەرییەکانمان باشتر دەکەین. لەخۆگرتنی دارایی لە دڵی خۆشبژێویی داراییدا جێگە دەگرێت و ئەوەیش بەم مانای دەستپیراگەیشتنی بەرهەمە بەنکییەکان بۆ هەمووانە. ئێمە لەڕێگەی پێشکەشکردنی دەستپێراگەیشتن بە بەرهەمە بەنکییەکان و دەستنیشانکردنی پێداویستییەکانی خزمەتگوزاریی وەرگێڕدراو بۆ دڵنیایی لەوەی کە ئەوان ئەو خزمەتگوزارییە داراییانە وەردەگرن کە پێویستییان پێیەتی، پشتیوانی لە داواکارەکانی پاراستنی نێودەوڵەتی دەکەین.

ئێمە دوو بەرهەممان بۆ ئەو پێداویستییە ڕۆژانەییە بەنکییانە هەیە کە ڕەنگە بۆ داواکارەکانی پاراستنی نێودەوڵەتی گونجاو بن؛ ئەژمارێکی هەنووکەیی تاکەکەسی و ئەژمارێکی بنەڕەتیی بەنکی، کە هەردووکیان شوێنێکی دڵنیا بۆ ڕاگرتن و دەستپێڕاگەیشتنی پارەکانت دابین دەکەن. وردەکارییەکانی هەر کام لەم ئەژمارانە و کیستەیەکی بەڵگەنامەکان بۆ کردنەوەی ئەو ئەژمارانە پێویستن.

کاتێک کە بەڵگەنامە داواکراوەکانت ئامادە بوون دەتوانی بێی بۆ هەموو لقەکانی بەنکی ئیرلەندا و ئێمە دەتوانین دەست بە لێکدانەوەی دانانی ئەژمارەی نوێی تۆ بکەین.

ئێمە لەوە تێدەگەین کە ڕەنگە زۆرینەی مشتەرییەکانمان توانستەکانی زمانی ئینگلیسییان نەبێت یان ڕەنگە هەست بکەن کە توانستە ئینگلیسییەکانیان بەپێی پێویست نین بۆ ئەوەی بتوانن وەڵامی پرسیارەکان لەکاتی سەردانی لقێکی بەنکیدا بکەن. لەم حاڵەتەدا، خۆشحاڵ دەبین کە هاوڕێیەک، هاوکارێک یان وەرگێرێک لەگەڵ خۆت بهێنی کە بتوانێ شتەکانت بۆ وەربگێڕێتەوە.

جگە لەمەیش، زۆرینەی هاوکارەکانی بەنکەکانی ئیرلەندا بە چەندین زمان قسە دەکەن و خۆشحاڵ دەبن کە ئەگەر تۆ کەست بۆ یارمەتیدان نەدۆزراوە لە وەرگێراندا یارمەتیت بدەن. ئێستا داوای ڕاوێژکاریی بەخێرهاتن بکە لە لقەکە.

دەتوانی لەم ناونیشانە وردەکارییەکانی لقەکانمان بدۆزییەوە https://www.bankofireland.com/branch-locator/